

"ئەورۆکە نەوەیەك هەیە باوەڕی بە حیکایەتەکانی حیزب و هوتافکێشان و نەڕەنەڕی تەلەفزیۆنەکان و قسەی زلی بەرپرسسەکان نەماوە لەبەرئەوەی قسە ناخوری نان دەخوری، قسەی زل و هوتافکێشانماڵەکانمان رووناك ناکاتەوە، ئەوە کارەبایە ماڵەکان روناك دەکاتەوە، تۆ ناتوانیت تا سەر باس لە هەڵەبجە و ئەنفال بکەیت بۆ من و نەتوانیت نرخی سوتەمەنی و شتومەك هەرزانبکەیت لە بازاڕە قەترانییەکەی کوردستاندا"

ئاسۆ جەبار: لەم وڵاتەدا شتێك نییە بەناوی رای ئازاد و رەخنەی هاوڵاتیان، ئەوەی حسابی بۆ ناکرێت لەلایەن دەسەڵات و حکومەت و دامەزراوەکانییەوە رایگشتی هاوڵاتیان و میدیای ئازاد و رەخنەی رۆشنبیرانە
ئاسۆ جەبار: من نائومێدم بەو هەموو رێکخراو و سەنتەر و ناوەندی خوێندکاران و گەنجانەی کە لەم دەقەرەدا هەن و دروستدەکرێن و فۆرمی جیاجیا وەردەگرن و ناوی سەیر سەیر لەخۆیان دەنێن، هاوکات چەند حیزب هەیە لە کوردستاندا ئەوەندەش رێکخراوی گەنجان و خوێندکاران هەیە، حیزب نییە لەم لەم پارچە خاکەدا لەوپەڕی سەلەفی و ئایینی و بەحساب عیلمانی و خێڵەکی و عەشرەتییەوە خاوەنی چەندین رێکخراو و دەزگا و ناوەندی گەنجان نەبێت، نەگبەتی و جەهل و ناشارستانی لێرەوە دەستپێدەکات،



## ئامادە کردنی: رێژین ئبراهیم

گەنج ئەوکەسەیە کە لەووڵاتێکی ئاوادا بۆتە قوربانی دەستی حیزب و لەنێوان ئەم دوو حیزبە باڵادەستەدا کە هەریەکەیان ئامانجێکی جیاوازی هەیە بۆ چەوساندنەوەی گەنجان، بەمانایەکی تر گەنجانمان ناتوانن نەرای خۆیان نە بەئازادی قسە بکەن، لە ئێستادا گەنجەکانمان دەچنە سەرجادە لە لایەن بەرپرسانەوە بە فیشەك وەڵامیان دەدەنەوە، ئەم ووڵاتە بەناو دیموکراسیە هەمیشە ئەقلێکی لاوازو نەخوێندەوار، گەورە بەرپرسانمان ئەوانەی کە حکومان دەکەن هەموویان نەخوێندەوارو نەزان، ئێستاش حیکایەتی شاخو سەردەمی کۆن بۆ گەنجان باس دەکەن من لێرەوە پێیان دەڵێم هەرگیز ناتوانن گەنج بەرەو عەقارێکی کۆنی بەرن بەرەو نەخوێندەواری بەرن وەك خۆتان نەخوێندەوار، ئەوە رۆیشت تازە ئەوەنەما گەنجان بە فشەو فشاکانی حیززبو دەستەڵاتلی سەقەتی ئێوەی دەستەڵات دار هەرگیز گەنجان گووی بۆ فشەکانتان ناگرن کە رۆژانە لەسەر شاشەی تەلەفیزۆنەکانەوە دەیکەنو گەنجان دە خەڵەتێنن، بۆ ئەم مەبەستەش نوسەرو رۆژنامەنوسی کورد کەسێکی سادە وەك قسەکانی سادە ئەویش (ئاسۆ جەبار) لە لێدوانێکیدا بۆمان دووا ووتی سەرەتا پرسیمان:

پ/ ماوەیەك لەمەوبەر لە تەلەفزیۆنی زەحمەتکێشانەوە بانگێهێشت کرابوون بۆ چاوپێکەوتنێك کە دەربارەی گەنج و بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی و شارستانی و باری

گرانی هاوڵاتیان رەخنەت گرتبوو، دوابەدوای ئەو بەرنامەیە بەرنامەكە داخرا، دواتر لەلایەن كەسانێكی نەناسراوەوە هەڕەشە لە بەڕێزت كرا، راوبۆچونی بەڕێزتان لەم بارەیەوە چییە؟

-ئاسۆ جەبار: هەڵبەت دەسەڵات هەر بە داخستنی بەرنامەكەوە نەوەستان، بەڵكە بە تەلەفون و ناڕاستەوخۆ كۆمەڵێك كەس سەردانیان كردم و هەرشەشیان لێكردم، كە جارێكی دیكە بەو شێوازە رەخنەنەكرم، هەڵبەت ئەوان دەیانوت تۆ لەبەرنامەكەدا جوێنت داوە و قسەی سوكت بە سەروەری و موقەدەساتی ئێمە داوە، ئەمەش دوورە لە راستییەوە من تەنها رەخنەی جدی خۆمم لە حكومەت و دەسەڵات و پەرلەمان گرتووە، هاوكات من باسم لە كێشە هەرە گرنگەكانی هاوڵاتیان كردووە، وەك كەمی كارەبا و، ئەزمەی نیشتەجێبون و بەرزی كرێی خانوو، كێشەی سوتەمەنی و بەنزین و ناعەدالەتی و گەندەڵی و گرانی لە بازاڕەكانی كوردستاندا، هەموو ئەم كێشە و رەخنانانە لە گوێی حیزب و دەسەڵاتدا بوونەتە جوێن و گاڵتەكردن بە موقەدەسات، دیارە دەسەڵات پێیوایە كاتێك قسە لەسەر ئەم كێشانە دەكرێت و رەخنەیان لێدەگیرێت، وەك ئەوە وایە جویچنیان پێبدەیت، چونكە كەس بۆی نییە قسە لەسەر بی كارەبایی و نەبوونی سوتەمەنی و گرانی لە بازاڕەكاندا بكات، چونكە دروستكراوی دەستی خۆیانەو یەكێكە لەسەرچاوە ئابورییەكانیان و بەختەوەرن بەو كێشانە و موقەدەسە لەلایان.

پ2/ راوبۆچونی ئازاد لەم وڵاتەدا چی دەگەیەنێت؟

ئاسۆ جەبار: هیچ ناگەیەنێت، لەبەرئەوەی لەم وڵاتەدا شتێك نییە بەناوی رای ئازاد و رەخنەی هاوڵاتیان، ئەوەی حسابی بۆ ناكرێت لەلایەن دەسەڵات و حكومەت و دامەزراوەكانییەوە رایگشتی هاوڵاتیان و میدیای ئازاد و رەخنەی رۆشنبیرانە.

سەربارى ئەوەی تەواوی كۆمەڵگە مافی ژیانێكی باشتر و پێشكەوتنێكی گونجاوی هەیە لە خزمەتگوزارییەكی باشترو خۆشگوزەرانێكی شیاودا. تاكەكەسەكانی كۆمەڵگاش بەهەمان شێوە هەموو ئەو مافانەیان بەردەكەوێت كە پێویستە و دەبێت لەلایەن حكومەت و ناوەندەكانەوە یاسایەكی یەكسان و عادیلانەی بۆ دابنرێت و بكرێتە سەرەتای دیموكراسیەت و پێشخستنی كۆمەڵگا. هەندێك لە زانایانی بواری دیموكراسی پێیان وایە؛ دابینكردنی مافەكانی تاكەكەس پێش مافەكانی كۆمەڵگا دەكەوێت، واتە سەرەتایەكە بۆ پێشخستنی كۆمەڵگا و دروستكردنی هەڵسوڕانێكی شارستانی بۆ تەواوی كۆمەڵگا، بەڵام هەندێكی دیكەیان باس لەوە دەكەن، دەبێت كۆمەڵگە بەتەواوی هاوڵاتیانەوە گەشەی پێ بدرێت و كاری لەسەر بكرێت، دواتر گرنگی بدرێت بە تاكەكەس و یەك بەیەكی هاوڵاتیان، لەراستیدا هەردوو هاوكێشەكە لەرووی كردارییەوە دروستن و شیاوی كاركردنن، بەڵام لێرەدا ئەوە گرنگە ئێمە بە چ شێوازێك و بەچ ئالیاتێك كاریان لەسەر دەكەین.

زامنكردنی مافەكانی هاوڵاتیان لەرێیی كۆمەڵێك گۆڕانكاری شارستانییەوە دەكرێت كە بریتین لە:

هێزە جیاوازەكانی دەرەوەی دەسەڵات: ئەو هێزانەی كە دەكەونە دەرەوەی دەسەڵات، كۆمەڵە هێزێكی سیاسی و كۆمەڵایەتی و پیشەیی و كولتوری و رۆشنبیرین، لەدنیای مۆدێرندا سەرلەبەری ئەم هێزانە دەبنە ناوەندگەلێكی چاودێر بەسەر دەسەڵات و دابینكردنی مافەكانی هاوڵاتیان و هەروەها دەبنە هێزێكی رەخنەیی بۆ بەرزكردنەوەی رەخنەكان بۆ دەسەڵات و ناوەندە بەرپرسەكان، بەڵام لەدنیای دەسەڵاتە داخراو و

کۆمەڵگە داخراوەکاندا، کە دەسەڵات سەرلەبەری سەرچاوەکان داگیردەکات، ئەو ناوەندانە نەك هەر نەبوونەتە هێز و فشار، بەڵکە ناوەندگەلێکی بێدەسەڵات و موچەخۆر و پاشکۆی دەسەڵاتن، بەواتایەك ناوەندگەلێکی کارتۆنین و هیچی تر. هاوکات زۆرجار دەبنە بەربەست لەبەردەم هاوڵاتیان و دەسەڵاتدا، لەبەردەم دەنگیجدی و رای جیاوازدا.

میدیای ئازاد: دنیای مۆدێرن دنیای گفتوگۆ و پەیوەندییە، دنیای جیاوازی و رەخنە و بەدواداچونە، پتر دنیایەکە بۆ رەخساندنی بەرپرسیارێتی، هاوڵاتیان بۆئەوەی دەنگدانەوەی خۆیان ببیستنەوە، بۆئەوەی رەخنە و ناڕەزایی و رای جیاوازی خۆیان دەرببڕن پێویستیان بە میدیای ئازاد هەیە کەبریتین لە: رۆژنامەی ئازاد، تەلەفیزۆنی ئازاد، بڵاوکراوەی ئازاد..... تاد. لێرەدا مەبەست لەوشەی ئازاد، تەنها ناو نییە، هەموو حیزب و لایەنێك دەتوانن ناوی ئازاد لە خۆیان بنێن و باس لەئازادی رۆژنامەوانی بکەن، هاوکات دیکتاتۆرەکان لەهەموو کەس زیاتر باس لە ئازادی دەکەن و پاشکۆی ئازاد دەکەن بەهەموو رستە و دەستەواژەیەکەوە، بەڵام میدیای ئازاد شتێکی دیکەیە جیاوازتر لەهەموو ئەو ناوەندانەی حکومەت و گروپی ناپسپۆر و خزمایەتی و بێئاگاییەکی لۆکاڵی و نادنیابینییەکی دەستەگەرایی، جیاوازتر لە دەزگاکانی حیزب. میدیای ئازاد پردێکی پەیوەندی رەخنەگرانە و چاودێرانەیە لەنێوان هاوڵاتیان و دەسەڵاتدا، هاوڵاتیان تەنها لەڕێی ئەو میدیای ئازادانەوە دەتوانن رای خۆیان بە ئازادی دەرببڕن. بەڵام لێرەدا تەنها ئەوە گرنگ نییە تۆ وەك هاوڵاتیەك رای خۆت بە ئازادی دەربېڕیت، بەڵام گرنگ ئەوەیە تا چەند حکومەت و دەسەڵات بایەخ بە رایگشتی و رەخنە و گازەندەکانی هاوڵاتیان دەدەن، لە هەمووی گرنگتر چۆنێتی دروستکردنی فشارە لەسەر دەسەڵات و حوکمەت و ناوەندەکانیان، ئایا هاوڵاتیان چۆن دەتوانن فشار دروستبکەن، چ شێوازێك بەکاردەهێنن بۆ ناچارکردنی حوکمەت و دام و دەزگاکانی، دواجار ناچاریان دەکەن چارەسەری کێشەکانیان بکەن؟ هاوکات دەبێت میدیای ئازاد کۆمەڵە میکانیزمێکی مۆدێرن بەکاربهێنێت بۆ بڕینی دیوارە قورقوشمییەکانی دەسەڵات و کردنەوەی دەرگاداخراوەکان و ناوەندە کۆنکرێتییەکانی بەرپرسەکان. نابێت میدیای ئازاد تەنها ناوەندێك بێت بۆ بڵاوکردنەوە و پیشاندان و پێشکەشکردن. هاوکات دەبێت ببێتە ناوەندێکی گەورە بۆ کۆکردنەوەی روانینە جیاوازەکان و هێزە جیاوازەکانی دەرەوەی دەسەڵات و پردێکی پەیوەندی رەخنەئامێز لەنێوان ئەوان و دەسەڵاتدا، دواجار دەبێت پەیامێك بێت لەهاوڵاتییەوە بۆ هاوڵاتی، دەرخەری توانا و بیرکردنەوە جیاوازەکان بێت بۆ دروستکردنی گفتوگۆ و بەرپرسیارێتی. ئەمەش پرۆسەیەکی نەفەس درێژە و تیشکۆی خۆی دەخاتە سەر تەواوی ئەو دیاردە و رووداو و گۆڕانکاری و ئەو ستراکچەرە داخراوانەی دەسەڵات کە میدیای ئازاد دەبێتە ئەو بەربەستە مەدەنییەی کە داوای روونکردنەوەی زیاتر و شەفافیەتی زیاتری لێدەکات، ئەوە میدیای ئازادە دەیەوێت دەسەڵات وەك خۆی پیشانبدات و دەرگای پەرلەمان بخاتە سەرپشت و پەنجەرەکانی حکومەت و دامەزراوەکانی لە هاوڵاتیان بکاتەوە، ئەوە میدیای ئازادە دەبێت خۆی بکات بە بەندیخانە ئاشکرا و شاراوەکاندا و بارودۆخی مافی مرۆڤ بۆ کۆمەڵگە و رێکخراوەکانی داکۆکیکردن لەو کێشانە دەخاتە روو، لەبەرئەوە پێویستە ئەوە لە یادنەکەین کە میدیای ئازاد تەنها دەرکردنی رۆژنامەیەك یان تەلەفزیۆنێك نییە، بەڵکە چەند گرنگە رۆژنامەیەکی ئازاد دەربکەیت، سەدان ئەوەندەش گرنگە خەم و مەهامی ئەم رۆژنامەیە چییە، چەند بە توانایە لەڕووی توانست و کاریگەری و میکانیزم و ستراتیژ و بەدواداچوون و ناچارکردنەوە.

گرووپی فشار: لە هەموو كۆمەڵگایەكدا گرووپی جیاجیا هەیە. گرووپی فەرهەنگی و سیاسی و كۆمەڵایەتی و كلتوری و رۆشنبیری و ئابوری و خزمەتگوزاری و .... تاد. بەڵام چۆن هەموو ئەم جۆرە گروپانە پێویستیەكی كۆمەڵایەتی و فەرهەنگیین بەهەمان شێوە گروپەكانی فشاریش یەكێكن لە پێویستیە هەرە گرنگەكانی كۆمەڵگا بۆ هاوڵاتیان و تاكەكەس، كەواتە گرووپی فشار چییە؟ هاوڵاتیان بۆ ئەوەی سەرزەمینێكی لەبار برەخسێنن بۆ كۆكردنەوەی رەخنەو نارەزاییەكانیان دەبێت خۆیان لە رێكخەرێكی كاتی (نا دەمەزراوەییدا) یان دامەزراوەییدا رێكبخەن بۆ كۆكردنەوەی دەنگە نارەزاكان یان رەخنەییەكان و فشار لەسەر حكومەت و دامەزراوەكانی دروست بكەن یان كۆببنەوە بۆ داكۆكیكردن لە مافەكانیان یان داكۆكیكردن لە كێشەیەك و هەوڵدان بۆ چارەسەركردنی، جاری واهەیە رۆژنامەیەك دەبێتە گروپێكی فشار، هاوكات رێكخراوێكی ناحكومی دەتوانێت ببێتە گروپی فشار، گروپێكی فەرهەنگی یان رۆشنبیری دەتوانن ببنە گروپی فشار، لە راستیدا ئەگەر ئەم گروپانە بە شێوەیەكی مۆدرێن رێكخرابن و بە ئاگابن لە داواكاری و پێویستییەكانیان. جائیتر ئەم داواكاریانە داواكاری هاوڵاتیان بێت بەگشتی یان چین و توێژێكی تایبەت بێت گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە تۆ بزانیت داوای چی دەكەیت و رەخنە لەچی دەگریت و چ چارەسەرێكت پێیە. ئەم گروپانە دەتوانن بەشێوەی كۆكردنەوەی ئیمزا، یان بڵاوكردنەوەی پۆستەر و بەیاننامە، یان لەرێی بەرزكردنەوەی یاداشت و نارەزایینامە بۆ حكومەت و دەسەڵات، یان لەرێی رێپێوانی هێمنانە یان لەرێی مانگرتنەوە فشار دروستبكەن. ئەم گروپانە ئەگەر بە شێوەیەكی تەندروست و مۆدرێن رێكخرابن ئەوا دەتوانن حكومەت و ناوەندە بەرپرسەكان ناچاربكەن كە گوێیان لێبگرن و چارەسەری كێشەكانیان بكەن، ئەگەرنا ئەو گروپانە دەتوانن شێوازی جیاجیای دیموكراسی بگرنەبەر، وەك مانگرتن و رێپێوانی هێمنانە، وەستاندنی كار، .. تاد.

رێكخراوە مەدەنیەكان یان نا حكومیەكان: رێكخراوە مەدەنییەكان چین؟ ئەو رێكخراوە ناحكومی و ناحیزبیانەن كە پێكهاتوون لە كۆمەڵە ئەندامێك بۆ داكۆكیكردن لە مەسەلەیەكی دیاریكراو یان چەند بابەتێكی دیاریكراو یان پرۆژەی دیاریكراویان هەیە بۆ پێشخستنی كۆمەڵگاو هۆشیاری هاوڵاتیان و گەشەپێدانی فەرهەنگی یان سیاسی یان ئابوری یان كۆمەڵایەتی، هەروەها رێكخراویش هەیە دەبێتە پردی پەیوەندی لەنێوان هاوڵاتیان و حكومەتدا، هاوكات لەسەر كۆكردنەوەی رایگشتی كاردەكەن و فشار دروستدەكەن. لەراستیدا هاوڵاتیان لەرێی ئەو سێ كەناڵەوە مافە بنچینەییەكانی خۆیان دەناسن و دەزانن پێویستی و داواكارییەكانیان چییە و چۆن داكۆكی لەسەردەكەن، بەڵام ئەو كەناڵانە، واتە گروپەكانی فشار و میدیای ئازاد و رێكخراوە مەدەنییەكان دەتوانن هاوڵاتیان هۆشیاربكەنەوە و كار لەسەر رێكخستنی هاوڵاتیان بكەن بۆ داواكردنی مافەكانیان و داكۆكیكردن لە كێشەیەكی دیاریكرا و یان پێشكەشكردنی نارەزاینامە یان دروستكردنی تۆری كاركردنی رێكخراوەیی بۆ مەسەلەیەكی دیاریكرا و، ئەمانە هەمووی شێوازگەلێكی كارا و كاریگەرن بۆ دروستكردنی هێزێكی دیكەی مەدەنی لەدەرەوەی دەسەڵات و حكومەت و دامەزراوە حكومییەكان بۆ رەخساندنی چانسی زیاتر بۆ رەخنە و پێشنیار و پرۆژەی جیاواز و باشتركردنی ژیان و بەرفراوانكردنی رووبەرەكانی ژیانی مەدەنی، یان كاردەكەن بۆ دروستكردنی پردێكی پەیوەندی مۆدرێن و رەخنەئامێز لەنێوان هاوڵاتیان و حكومەتدا.

یەكێك لەمافە هەرە سەرەتاییەكانی هاوڵاتیان بریتییە لەئازادی رادەربرین، بەواتایەك هەموو مرۆڤێك لەكۆمەڵگەدا ئازادە لەوەی راوبۆچون و گوزارشتەكانی خۆی دەربارەی هەر

بابەت و بڕیار و گۆڕانکارییەك دەربڕێت، هاوکات ئازادە لەداواکردنی ماف و داواکاری و پێداویستییەکانی خۆی و هاوەڵانی لەڕێی کەناڵە جیاجیاکانەوە، ئەو کەناڵانەش کە هاوڵاتیان دەتوانن بەبی هیچ سانسۆر و چاودێرییەك لەڕێیانەوە رای خۆیان بەئازادی دەربڕن، بریتین لە کەناڵەکانی رایگشتی و سەنتەرەکانی راپرسی ئازاد، یان میدیای ئازاد و کەناڵە جیاجیاکانی، هەروەها گروپەکانی فشار و نیوەندەکانی گفتوگۆ، کە ئەمانە هەمووی سەرەتایەکی باشن بۆ گەشەپێدانی دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی و دروستکردنی پردێکی پەیوەندی رەخنەئامێز و گفتوگۆئامێز لەنێوان هاوڵاتیان و دەسەڵاتدا، لەنێوان هاوڵاتیان و سەرلەبەری دامودەزگا و وەزارەت و ناوەندە خزمەتگوزاری و مەدەنییەکاندا.

پ3/ راوبۆچونی بەڕێزتان چییە لە بارەی رێکخراوەکانی گەنجان و دەستەی هاوکاری گەنجان و بەتایبەتی لەبارەی دروستکردنی پەرلەمانی گەنجان؟

ئاسۆ جەبار: من نائومێدم بەو هەموو رێکخراو و سەنتەر و ناوەندی خوێندکاران و گەنجانەی کە لەم دەڤەرەدا هەن و دروستدەکرێن و فۆرمی جیاجیا وەردەگرن و ناوی سەیر سەیر لەخۆیان دەنێن، هاوکات چەند حیزب هەیە لە کوردستاندا ئەوەندەش رێکخراوی گەنجان و خوێندکاران هەیە، حیزب نییە لەم لەم پارچە خاکەدا لەوپەڕی سەلەفی و ئاینی و بەحساب عیلمانی و خێڵەکی و عەشرەتییەوە خاوەنی چەندین رێکخراو و دەزگا و ناوەندی گەنجان نەبێت، نەگبەتی و جەهل و ناشارستانی لێرەوە دەستپێدەکات، هیچ کام لەو رێکخراوانە خاوەنی شوناسی خۆیان نیین، هەرچەند پڕە لە گەنجی بە توانا و نەوەیەکی نارەزا و بێئومێد لە حیکایەتەکان، بەڵام ستراتیژی ئەم رێکخراوانە هەمان عەقڵ و بیرکردنەوەی حیزب بەرهەمیهێناون و کاریان لەسەر دەکات و ناوەندی سەرەوەی ئەو رێخراوانەش کەسانێکن تاسەر ئێسك حیزبین و نامۆدێرنانە بیردەکەنەوە، هەرچەند ئەو رێخراوانە پڕبێت لە عەقڵ و پڕ بێت لە کەسانی مۆدێرنخواز و کەسانی شارستانی بەمانای وشە، بەڵام ناکاتە تاکە یەك چرکەی بڕیاردان کە لە حیزبەوە دێتە خوارەوە بۆ سەرلەبەری ئەندامان و کادیرانی ئەو رێکخراو و دەزگایانە، ئەوە ئەوانن بڕیاردەدەن و بیردەکەنەوە، ئەوە گەنجان و خوێندکاران نیین بە سەربەخۆیی خۆیان بیردەکەنەوە و بڕیاردەدەن. چەند ساڵە ئەم رێکخراوانە چیانکردووە، بێجگە لە کۆپیکردنی مەلزەمە و سازدانی هەڵپەرکی و دژایەتی یەکتری و قبوڵنەکردنی یەکتری و ململانێی حیزبی، ئایا توانیویانە ئەو مەنهەجە سەخیفەی خوێندن بگۆڕن، ئایا توانیویانە بە وەزیری خوێندنی باڵا بڵێن کە قسە دەکەیت کەمێك رێز لەخۆت و خوێندکارانی زانکۆ بگرە و بە حورمەتەوە وەڵامیان بدەرەوە، ئایا توانیویانە بە وەزیری پەروەردە بڵێن لەخۆتەوە بڕیار دەرمەکە و کەمێك گوێ لە رەخنەگرەکان و خودی خوێندکاران و مامۆستایان بگرە و خۆت زۆر تورە مەکە.

من لە زۆر شوێندا باسم لە ستراکچەری حیزب و کۆمەڵگە حیزبسالاری کردووە، بەتایبەتی لە کتێبی کۆمەڵگەی داخراوەکەدا زۆر بە وردی باسم لە عەقڵیەتی داگیرکاری و مۆنۆپۆلیزەکردن کردووە کە دەسەڵاتە دیکتاتۆر و تۆتالیتارەکان و دەسەڵاتە تاکرەوە حیزبییەکان بەرهەمیان هێناوە، کە چۆن و بە چ میکانیزمێك سەرلەبەری سەرچاوە ئابوری و فەرهەنگی و سیاسی و رۆشنبیرییەکان داگیردەکەن و کۆنترۆڵی دەکەن، هاوکات سەرلەبەری رێکخراو و ناوەند و دەزگاکانی گەنجان و خوێنکاران و بوارە جیاجیاکانی

راگەیاندن و رۆشنبیری و رۆژنامەگەری كۆنترۆڵدەكەن و پڕی دەكەن لە حیكایەت و گەندەڵی و خاڵیدەكەنەوە لە هەر گۆڕانكارییەك و هەر خەیاڵێكی جوان، لێوانلێوی دەكەن لە تاكڕەوی و تاكڕەهەندی بیركردنەوە و دەسەڵاتی رەهاو بێقسەی خۆیان و رامیاندەكەن و ماڵیاندەكەن و دەیانكەن بە ناوەندەگەلێكی دیوەخانئاسای خەیاڵ و خولیا و حیكایەتەكانی خۆیان، ئالێرەوە قسەكردن لەسەر دیموكراسی و كۆمەڵگەی مەدەنی درۆیەكی گەورەیە و خەیاڵێكی بچوك و خولیایەكی هوتافئاسای تەنگەبەری حیزبایەتییەو زادەی ئەو سەرزەمینە داخراوەیە كە ناوی حیزبە، دروستكراوی دەستی ئەو بەرپرسانەیە كە فریان بەسەر چەمكی دیموكراسی و ژیانی مۆدێرن و دنیای شارستانییەوە نییە و بە خەیاڵ و ئارەزووی خۆیان تەفسیری ئەو چەمكانە دەكەن و بە كۆمەڵگەی دەفرۆشنەوە، لەڕاستیشدا جەهلێكی گەورەیان هەیە بە دنیای مۆدێرن و كۆمەڵگەیەكی مۆدێرن.

پ4/ هۆكارەكانی بە دەنگەوەنەهاتنی گەنجان بەرەو سندوقەكانی دەنگدان دەگەڕێتەوە بۆچی و ئایا هۆكارێكی ئەو خەمساردییە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی كە گەنجان هەرگیز باوەڕیان بە حیزب و بەڵێنەكانیان نەماوە؟

ئاسۆ جەبار: گومان لەوەدا نییە كە یەكێك لە هۆكارەكانی ئەم دیاردە نوێیە بێئومێدی و نیگەرانییەكانی گەنجە بەرامبەر حیزب و دەسەڵاتی رەهاو بێقسەی حیزب و حیكایەت و فرۆشتنەوەی سەروەری بە هاوڵاتیان، پێویستە حیزبەكان و حكومەت و دەسەڵات و پەرلەمان لەوە تێبگەن كە دنیای نوی دنیایەكی دیكەیە و دنیای پاش حیكایەتە گەورەكان و پاش سەروەرییەكان و موقەدەساتە كۆنەكانە، دنیای حیكایەتی بچوك و خولیای بچوك نییە، دنیای گۆڕانكاری و وەرچەرخانی گەورەیە، دنیای گفتۆگۆ و گرنگیدان بە مرۆڤە نەوەك بێبایەخكردنی مرۆڤ و حسابنەكردن بۆ رایگشتی و خۆبەزل زانین و تاڵانكردنی ژیان، دنیای پێكەوەژیان و قبوڵكردنی جیاوازی و رەخنە و رێپێوان و ناڕەزایی دەربڕینە، نەوەك دنیای رق و گیرفان پڕكردن و خۆدەوڵەمەندكردن و حسابنەكردن بۆ هاوڵاتی و گەنجان بەتایبەتی، دنیای مۆدێرن دنیای رازاندنەوەی دیوەخانەكانی حیزب و سەرۆكی حیزبەكان نییە و دنیای بەرزكردنەوەی كۆشك و تەلار و مزگەوت دروستكردن و ناعەدالەتی قێزەوەن نییە، بەڵكە دنیای لەیەكتر تێگەیشتن و باشتركردنی ژیانی هاوڵاتیانە بە گشتی و گرنگیدانە بە نەوەی نوی بەتایبەتی، دنیایەكە هەلی باشتر بۆ مرۆڤ دەرەخسێنێت و كەمتر دەیخاتە پەراوێزەوە، دنیای كرانەوە دنیایەكە خاوەنی فەرهەنگێكی كراوە و ئاستێكی ژیاری پێشكەوتوە و پڕە لە گفتۆگۆ و قسەكردن، بەڵام دنیای داخراو، هاوشێوەی دنیاكەی ئێمە لێوانلێوە لە تێنەگەیشتن و خەفەكردن و خامۆشكردن و غەمگینكردنی كۆمەڵگە و مرۆڤەكان. ئالێرەوەیە نەوەی نوی و تەواوی هاوڵاتیانی وشیار بە مافەكانیان چیتر ناچنەوە بەردەم قەدەری سندوقەكانی دەنگدان ئەگەر بەكردار مافەكانیان دابین نەكرێت و داواكارییەكانیان جێی بایەخی حكومەت و دەسەڵات نەبێت، چیتر قبوڵی ئەو هەموو ناعەدالەتییە ناكەن، قبوڵی پەرلەمانێك ناكەن تەمەڵخانە بێت و حكومەتێكی بێدەسەڵات و بەرپرسی دەوڵەمەند و حیزبی زەنگین و هاوڵاتیان هەژار، هەژارتر لەهەر خەیاڵێكی حیزبی بۆ دیموكراسی و مافەكانی خاڵیتر لەهەگبەی پڕ لە جەهلی دەسەڵات.
كاتێك هاوڵاتیان جێی بایەخی حكومەت و حیزب و پەرلەمان نییە و حسابیان بۆناكرێت، دەبێت لەو رۆژەش بترسن كاتێك هاوڵاتیان تێدەگەن و حساب بۆ حیزب و حكومەت و دەسەڵات ناكەن و چیتر بە حیكایەتە هەزارەكانی حیزب هەڵناخەڵەتێن و بەو دەرجەیە

پ5/ئەوەی نوی لەنێوان کرانەوە و داخراندا، ئایا پێتوانییە کاریگەری حیزبە سیاسییەکان لەسەر ئەوەی نوی بەرە و نەمان دەچی، بەڵام ئەم کۆمەڵگەیە کۆمەڵگەیەکە بەرەو پێکهێنانی کۆمەڵگەی حیزبسالاری دەچێت لەبری کۆمەڵگەی مەدەنی وەك لە کتێبەکەی خۆتدا (کۆمەڵگەی داخراو) ئاماژەت پێداوە؟

ئاسۆ جەبار: بەڵێ ئەم پرسیارە زۆر گرنگە بەلامەوە، لەبەر ئەم هۆیانە: کۆمەڵگەی کوردی لەچەند ئاستێکدا کۆمەڵگەیەکی داخراوە، سەرەتا لەرووی فەرهەنگییەوە کۆمەڵگیەکی هەژار و داخراو و بێپەیوەندین بە دنیاکانی دەرەوەی خۆمان و گۆڕان و دیاردە نوێکانی دنیا و هەژارین بەرامبەر دنیای مۆدێرن و ئاکار و ئەخلاق و بیرکردنەوەی نوی و خاوەنی فەلسەفەیەکی حەزینیین بۆ دنیا و بێباکین بەرامبەر ژیان، بەرامبەر رۆشنبیری، بەرامبەر رەخنە، بەرامبەر ئاین، بەرامبەر سیاسەت، بەرامبەر کاولبوونی کۆمەڵگە و مرۆڤەکانی، ئەم فەرهەنگەی ئێمە هەڵقوڵاوی هیچ نارەزاییەکی کرداری نییە، لەم فەرهەنگەدا شتێك نییە بەناوی فشار و هێزی مەدەنی و خەیاڵ و خولیایەکی دیکە لەدەرەوەی دنیای داخراوی کۆمەڵگە و لەدەرەوەی ئەو کولتورە هەژارەی تاکە یەك تەفسیری نییە بۆ دنیاکەی خۆی و دنیاکانی دەرەوەی خۆی.

هاوکات ئێمە خاوەنی دنیایەکی ئەخلاقی داخراوین، بەرامبەر دنیای کرانەوە و پەیوەندی راستەوخۆی مرۆڤەکان و پشکنین و دۆزینەوەی زیاتری ئاستە جیاجیاکانی ئاکار و بیرکردنەوەی جیاوازیی دەرەوەی سیستمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵکە، هەروەها دنیاکەی ئێمە دنیایەکە حیزبەکان سەرلەبەری سەرچاوە ئابوری و فەرهەنگییەکانیان بۆخۆیان تالانکردووە و کۆمەڵگەیەکیان لەدوای خۆیانەوە بەجێهێشتووە، پتر کۆمەڵگەیەکی حیزبسالارییە و دەسەڵاتێکی بێقسە و رەهای حیزب و سەرلەبەری ناوەندەکانی ژیانی داگیرکردووە، ئەمەش بۆخۆی سەرەتایەکی سەخیفە بۆ دروستبوونی دیکتاتۆر و جەلاد و دەسەڵاتی بازرگانە سیاسییەکان.

سەدەی بیست و یەك، سەدەی کرانەوە و رۆشنکردنەوەی ژیانە بە خزمەتگوزاری و رێزگرتنی مرۆڤ، سەدەی دابینکردنی ژیان و گوزەرانی باشترە بۆ مرۆڤ، نەوەك سەدەی بێ کارەبایی و ناعەدالەتی و بی ئیشی و ئەزمەی سەکەن و ئەزمەی ئاو و سوتەمەنی. سەدەی دیموکراسیەت و جوانکردنی ژیانە، نەوەك سەدەی ناشرینکردنی ژیان و تاریککردنی دنیا، سەدەی رەخنە و حسابکردنە بۆ مرۆڤ، نەوەك سەدەی عەمامە و تەیریعەبابیلە و سنگ کوتان و مزگەوت دروستکردن و بازرگانیکردن بە ژیانەوە.

ئەو حکومەت و حیزب و بەرپرسانەی پێیانوایە دیموکراسیەت واتە ئێوە رەخنەبگرن و ئێمە گوێتان لێناگرین، ئێوە جوێنمان پێبدەن و ئێمە وەڵامتان نادەینەوە، ئەوە ئەوپەڕی گەمژەیی و جەهلە بە دیموکراسییەت، ئەوەی پێی وایە رایگشتی و رای شەقام، راوبۆچونی هاولاتیانێکە دەستی ئیسلامییەکان یان چەپەکان یان دەستی تیرۆری لە پشتەوەیە، زۆر بی ئاگایە بەرامبەر گۆڕانکارییەکان، زۆر هەژارە بە مەعریفە و رۆشنبیرییەکی سادەی هاولاتیان و فری بەسەر دنیای مۆدێرنەوە نییە.

ئەو حکومەت و حیزبەی پێیوایە لەرێی دەسەلات و جەبەروتی پۆلیس و ئاسایش و دەزگا تایبەتەکانیانەوە هاولاتیان بێدەنگ دەکەن، ئەوا ئاستی بیرکردنەوەیان لە ئاستێکی زۆر نزم و مەرگدۆستیدایە، رەنگە لەرێی ئەم عەقلیەتەوە ببنە دیکتاتۆر، بەلام دیکتاتۆرێکی

ناشیرینی سەردەمی نەمانی دیکتاتۆرەکان، دیکتاتۆرێکی بازرگان، دیکتاتۆرێکی بچوك و گرگن و بی مەعریفەت، دیکتاتۆرێك کە کۆمەڵگە حسابی جانەوەرێکی بچوکیشی بۆ ناکات.
حکومەتە نادیموکراتییەکان لەڕووی کرداریەوە پێیان وایە دیموکراسی و ژیانی مەدەنی واتە بەرەڵایی بازاڕ و بازرگانیکردنێکی هەمەجیانە بەسەر هاوڵاتیان و داهاتی مادی و مەعنەوی کۆمەڵگە. بۆنمونە ئەو جۆرە حکومەتانەی کە ئاسان نییە دەسەڵاتی حیزب و میلیشیا و پەرلەمان لەیەکتری جیابکەیتەوە، روانین و دنیابینیشیان هێندە بچوکە کە لەئاست داواکاری و داخوازی و بەرپرسیارێتیدا نییە، لەلایەك ئەوان پێیانوایە گرانی و بەرزبونەوەی نرخی شتومەك لەبازاڕەکاندا پەیوەستە بە دیاردەی بازاڕی ئازادەوە کە هیچی لەبارەوە نازانن و جاهلین بەرامبەر هەر دیاردەیەکی نوێی دنیای مۆدێرن، بەڵام ئەم تێڕوانینە سەقەتە تەواو پێچەوانەی هەموو بنەمایەکی زانستی و ئابوری و یاساییە (لەڕاستیدا بەقاڵەکان و کاسپکاران زۆر لەحکومەت زیرەکترن لەو بارەیەوە، لەبەرئەوەی حکومەتە نادیموکراتییەکان خاوەنی دەیان موستەشاری بێئیش و وەزیر و پەرلەمانتاری تەمەڵن)، لەڕاستیدا بازاڕی ئازاد بەو مانایە نییە کە هەرکەسە و بۆخۆی بەیاسایەکی جەنگەڵی یاری بەبازار بکات، واتە بازاڕی ئازاد بەرەڵایی و ئیستیغلالکردن و نابەرپرسیارێتی حکومەت و دامودەزگاکانی ناگەیەنێت، هاوکات ناکرێت ئەوەش لەیادبکەین کە حکومەت ئەو حکومەتەیە کە لە توانایدایە ژیانی هاوڵاتیان دەوڵەمەندبکات، نەوەك سەرقاڵی خۆدەوڵەمەندکردن و بەرپرسە حیزبییەکانی تەنها سەرقاڵی رازاندنەوەی خۆیان و بازرگانیکردن بن و خۆدوورخستنەوە لەهەر بەرپرسیارێتییەکی کارا و کاریگەر، ئەمەیە مۆدێلی حکومەت و کۆمەڵگەی حیزبسالاری و دەسەڵاتی ناشرینی حیزب. دواجار بازاڕی ئازاد واتە کۆنترۆڵکردنی بازاڕ.
لەکاتێکدا داهاتی مانگانە و ساڵانەی تاکەکەس بەرامبەر بەرزبونەوەی نرخی شتومەك و کاڵاکان نییە و هاوکات دەیان هێندەی ئاستی خراپی بژێوی هاوڵاتیانە، بۆنمونە ئەو یاسا جەنگەڵییەی بازاڕ لەکوردستاندا هەیە، یاسایەکە بێگومان دەیان بەڵگە لەپشتییەوە هەیە کە حکومەت خۆی لێئەدزێتەوە و بەکێشەی هاوڵاتیانی دەزانێت نەوەك بە کێشەی یەکەمی خۆی، ئەمەش جەهلێکی دیکەی حکومەتە بە دیمکراسیەت و دنیای مۆدێرن.
حکومەتە نادیموکرات و نابەرپرسەکان بەردەوام لەهەوڵی دوورخستنەوەی کێشە و ململانێکانن لەخۆیان، واتە حکومەت بۆئەوەی داواکارییەکانی تۆی هاوڵاتی پەیوەست نەکات بەخۆیەوە و بە کێشەی خۆی نەزانێت، بەردەوام کێشەکانی تۆ پەیوەندیدار دەکات بەبازاڕەوە، یان دەیگەڕێنێتەوە بۆ دیاردەیەکی شارستانی کە هیچی لەبارەوە نازانێت و غەرقی جەهلێك بووە بەرامبەر هەموو ئەو دیاردە نوێیانەی دنیا وەك بازاڕی ئازاد، ئەو حکومەتەی کە چەندین ساڵە لەسەر گومرگ و بازرگانی و کۆکردنەوەی باج دەژی، سەرباری ئەو بودجە زۆرەی کە لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە بۆی دەردەچێت، تا ئەوڕۆکەش گومرگ و باجی زۆری خستۆتە سەر کاڵاکان و بەکرێدانی شوێنگە تایبەتییەکانی کڕین و فرۆش.
لەڕاستیدا ئەو حکومەتەی کە هیچ بەرنامەیەکی زانستی و ئابوری و کۆمەڵایەتی مۆدێرنی نەبێت بو بەڕیوەبردنی وڵات، بێجگە لە تەمەڵخانەیەکی گەورە هیچی تر نییە و لەجەهلێکی بێوێنەدا ئەژی. ئەو حکومەتەی دووردەکەوێتەوە لە بەرپرسیارێتی و گرنگیدان بە هاوڵاتیان و کۆنترۆڵکردنی بازاڕ و داهاتی شاهانەی مەسئولەکان و دەیان کێشە و گرفتی نیشتەجێبوون و نزمبوونەوەی ئاستی بژێوی ژیان و گوزەران، حکومەتێکە تا سەرئێسقان غەرقی جەهل و فەشەل و بێئاگایی بووە. بێگومان هەر حکومەتێك ئەو تایبەتمەندییە

ناشرین و ناعادیلانەی تیادا بوو حكومەتێكی فاشلە و حكومەتی بازرگانە درۆزنەكان و حكومەتی فرۆشتنەوەی حیكایەتەكانە بە هاوڵاتی و هیچی تازەی پێنییە بیڵێت و گوێگرێكی خراپە و حیكایەتخوانێكی رەزا گرانە، بەو بەڵگەیەی كاتێك لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەكان دەردەكەون و قسەدەكەن، یەكرا هاوڵاتیان كەناڵەكە دەگۆڕن و دەیخەنە سەر گۆرانی، هاوكات كاتێك هاوڵاتیان گوێیان لەدەنگی ئەو بەرپرسانە دەبێت لە رادیۆكانەوە یەكرا دەیخەنە سەر رادیۆ سەوا یان نەوا.

لەكۆتایدا دەڵێن كاتێك كادر و بەپرسە حیزبییەكان و سەرۆكی حكومەت و موستەشارە بێئیشەكان دوور دەكەونەوە لە هاوڵاتیان و نەوەی نوی و حساب بۆ رایگشتی و میدیای ئازاد و رۆشنبیران و رەخنەگران ناكەن، كاتێك دێڕێك ناخوێننەوە و كتێبێك ناكڕن بۆ خوێندنەوە، ئەوكاتە دەبێت بترسین لەوەی ئەو حكومەت و حیزبانە ببنە دیكتاتۆر، یان ببنە دەسەڵاتێكی جاهیل بە دنیای مۆدێرن و دیموكراسی و مافە هەرە سەرەتاییەكانی هاوڵاتیان.

ئەورۆكە نەوەیەك هەیە باوەری بە حیكایەتەكانی حیزب و هوتافكێشان و نەرەنەری تەلەفزیۆنەكان و قسەی زلی بەرپرسسەكان نەماوە لەبەرئەوەی قسە ناخوری نان دەخوری، قسەی زل و هوتافكێشان ماڵەكانمان رووناك ناكاتەوە، ئەوە كارەبایە ماڵەكان روناك دەكاتەوە، تۆ ناتوانیت تا سەر باس لە هەڵەبجە و ئەنفال بكەیت بۆ من و نەتوانیت نرخی سوتەمەنی و شتومەك هەرزانبكەیت لە بازاڕە قەترانییەكەی كوردستاندا، تۆی دەسەڵات تاسەر ناتوانیت حیكایەتەكانی شۆڕشم بۆ بگێڕیتەوە و رازیمبكەی بەوەی گوی نەدەمە كێشەی نیشتەجێبوون و كرێی خانوو و ئەو هەموو ناعەدالەتییەی لەم ولآتەدا هەیە. دەبێت دەسەڵات و حیزبەكان لەوە بترسن كە ئیتر هاوڵاتیان و نەوەی نوێی ئەم كۆمەڵگەیەیان بۆ هەڵناخلەتێ و دەبێت بەناچاری گرنگی بدەن بە هاوڵاتیان بە گشتی و نەوەی نوی بەتایبەتی.